## لێدوانی ووته بێژی" هەرەوەزگەل" سەبارەت بە لەشکرکێشی تورگیا

هاوڵاتیانی کوردستان:

واجارێکی تر رژێمی شۆڤێنیستی تورکیا بە مۆڵدانی زیاتر لە 60 هەزار سەربازو بە پاڵپشتی نوێترین چەكوتەكنەلۆژیای جەنگی، خۆی بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێك لە نێو خاکی کوردستاندا ئامادە دەکات. پاساوی ئەمجارەش، وەك ئەو 24 ئۆپەراسیۆنەی پێشووتر کە لە ساڵی (1984)ـەوە ئەم دەوڵەتە عەسکەرتارە لەباشووری کوردستاندا ئەنجامی داون، ڕاوەدوونان و لێدانە لە بنکەو بارەگاکانی "پ.ك.ك".

لەشکر کێشی و ئۆپەراسیۆنی سەربازی تاقیکردنەوەیەکە هەردەبێت حکومەتە ئیسلامییە (میانرەوە) کەی تورکیا پیایدا تێپەڕێت کە بۆ جاری دووەم هەڵبژێردرایەوە، بۆ ئەوەی هەیبەت و کارایی خۆی نیشانی ژەنراڵەکانی تورکیاو ڕای گشتی نێو خۆیی جۆشدراو بەبیری شۆڤێنی و شەڕەنگێزی بدات. ئەمە لە پێش هەڵبژاردنەکانەوە بە لێدوان و ووتارەکانی ئەردۆگان و عبدالله گولەوە دیار بوو کە چارەسەری سەربازی بۆ کێشەی کورد لە تورکیا بەشێکە لە ئەجینداکەیان . ئەمە بۆ چاودێران و ئاگایانی سیاسی دەروەی تورکیاش ئاشکرا و ڕوون بوو, تەنها بۆ سیاسیە کورتبینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبێت کە ئەمەشیان وەك پڕوپاگەندەی پێش هەڵبژاردن چاولێدەکرد.

جیاوازیەکانی ئەم ئۆپەراسیۆنە بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی پێشوتر:

1- بەسوود وەرگرتن لە شەڕی جیهانی دژی تیرۆر, بۆ ئەوەی خەباتی خەڵکی کوردستان و پارتە سیاسیەکانی وەك تیرۆریست بناسێنێت و شەرعیەتیش بە عەقلیەتی شەڕانگێزی و عەسکەرتاریەتی خۆی بدات.

2- ئێراق و کوردستان لەژێر داگیرکاری ئەمریکیدان و پاراستنی سەروەری ئەم وولاتە ئەرکی داگیرکارە ئەمریکییەکانە و بەم پێیەش هەر بێدەنگ بوونێکی ئەمریکا لەبەرامبەر ئەم ڕەفتارەی تورکیای هاوپەیمانیدا دەشێت ئەو پاساوە بداتە کۆماری ئیسلامی ئێرانیش کە بیانووی ڕاودونانی ( پژاك، کۆمەڵە، دیموکرات و...) لەشکرکێشی بکاتە سەر کوردستان.

3- ئەم کردەوە سەربازییە بە پێی ڕێککەوتنێکی هەر دوو دەوڵەتی ئێراق و تورکیا بووە کەڕێگە بە هاتنە ناوەوەی سوپای تورك دەدات بۆ ناو ئێراق، ئەمە لەکاتێکدایە کە ڕێکەوتنە کۆنەکەی ڕژێمی بەعس و دەوڵەتی تورك سەبارەت بە بەزاندنی سنوور لەلایەن سوپای ئەم دوو دەوڵەتەوە، هەڵوەشابۆوە. بەڵام وا ئێستا جارێکی دی بە پێش چاوی سەرۆك کۆمارێکی کورد و گەورە بەرپرسانی کورد لە نێو دەوڵەتی ئێراقیدا ڕێککەوتنێکی هاوشێوەی ئەو ڕێکەوتنە کۆنە ئیمزا دەکرێتەوە، ئەمەش مانای وایە تێڕوانینی هێزە سیاسیەکانی ئێراق بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەم ناوچەیەدا درێژەی هەمان تێڕوانینی شۆڤێنیانەی حکومەتەکانی پێشووی ئێراقەو بەڵگەی لاوازی و بودەڵەیی نوێنەرایەتی کوردە لە بەغداد.

4- دەسەڵاتی کوردی لە هەموو کاتێك زیاتر بانگەشەی یاسایی بوونی خۆی و حکومەتەکەی دەکات، بەڵام ئەم لەشکرکێشیەی تورکیا بێ بناغەیی ئەم بانگەشەیە ئیسپات دەکات و ئەوە نیشان دەدات کە ئەم حکومەتە یاسایی بوونەکەی تەنها بۆ شەرعیەتدان بە قۆرخ کردنی سەروەت و سامانی کوردستان بەکارهێناوە و نە حکومەتێکی قانونییەو نەڕەسمی و دانپیانراوە، تەنانەت لەناو دەوڵەتی ئێراقیشدا وەك حاڵەتێکی تایبەت ( حالە خاصە ) سەیر دەکرێت هەر بۆیە وەزیری ناوخۆی ئێراق جەواد پۆلانی بەبێ ئەوەی هیچ حسابێك بۆ

حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات ئەو پرۆتۆکۆلەی ئیمزاکرد و سەرانی دەوڵەتی تورکیش ئامادەنین هیچ گفتوگۆ دانوسانێك لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کوردستاندا بکەن. حکومەتی هەرێم تەنها بۆ بەتاڵان بردنی قوتی دەمی خەڵك و بۆ گیانی هاولاتیان مەحکەم وەستاوە, دەنا لە ئاست وەلامدانەوە بە کێشەکانی خەڵك و کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا شرۆڵە و هیچ لەبارانەبووە.

**خەڵکی ئازاد یخوازی کوردستان:**

لەشکرکێشی دەوڵەتی تورك بۆ سەر هەرێمی کوردستان باجێکە هاولاتیانی ئەم هەرێمە بە پلەی یەکەم دەیدەن ئەویش لەئەنجامی نەبوونی دەوڵەت و یاساودەستوورو حکومەتێکی قانونییەوە ، باجی زاڵ بوونی دەسەڵاتی میلیشایی و حزبی بەسەر دامەزراوەکانی حکومەتدا، باجی هەڵپە و پێشبڕکێی سەریەك نانی سەروەت و سامان و دەسەڵاتە لەئێراق و کوردستاندا ، پاشان بە پلەی دووەم باجی ململانێی سەربازی دەوڵەتی تورك و "پ.ك.ك" یە . بۆیە ناکرێت و نابیت ئێمە سەرباری مەرگەساتەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆمان هێشتا باجی بودەڵەیی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی ناکۆکییەکانی نێوان دەوڵەتی تورك و "پ.ك.ك" بدەین لەبەرئەوە ئێمە خوازیارین کە:

1-فشارێکی نێو خۆیی و نێو دەوڵەتی گەورە بخرێتە سەر دەوڵەتی تورکیا بۆ سەلماندنی مافەکانی میلەتی کورد لە تورکیا و چارەسەر کردنی کێشەی کورد بەشێوەیەکی سیاسیانە و پاراستنی مافی خەڵکی کوردستان لە بڕیاردانی چارەنووسیاندا.

2- فشار هێنان بۆ سەرانی حکومەت و دەوڵەتی ئێراق بۆ ئەوەی چیدی کوردستان وەك حاڵەتێکی تایبەت سەیر نەکەن و لە ئیمزا کردنی هەر پرۆتۆکۆڵێك و بڕیارنامەیەکی نێوخۆیی و دەرەکیدا ڕێز بۆ بوون و ئیرادەی خەڵکی کوردستان دابنێت.

3-دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی وەك چۆن چەندین ساڵە سامانی کوردستان لوش دەکەن, ئاواش ئەرکیانە بە هەموو شێوەیەك پارێزگاری لە ژیان و ئاسایشی هاولاتیانی کوردستان بکەن. پەنا بردنە بەر سوپای ئێراقیش بۆ بەرگرتن بە لەشکری تورك جگەلە ئیسپات کردنی شرۆڵەیی و بودەلەیی دەسەڵاتەکەیان هەروەها هەرێمیش دوچاری کێشەی ڕەگ داکوتانەوەی سوپای ئێراق دەکاتەوە.

**خەڵکانی ئازادیخواز:**

بۆ بەرگرتن بە هەر سیاسەتێکی داگیرکاری بۆ سەر کوردستان ، پێویستمان بە کۆبوونەوەی ئازاد و سەربەخۆیە لە دەوری یەکتر، پێویستمان بە جۆشدان و خرۆشانی خەباتی جەماوەری مەدەنی ڕێکخراوو بەردەوام هەیە ، کەس دەردەکانمان چارە ناکات هەوڵ و تەقەلاکانی خۆمان نەبێت، دەبا قۆڵی لێهەڵماڵین و بە ڕێپێوان و خۆپیشاندان و مانگرتن و یاخی بوون و شێوازەکانی تری خەباتکردن بە ڕووی داگیرکەران و ئەوانەی کەوا بونەتە هۆکاری هاتنە ئارای ئەم دۆخە ڕابوەستینەوە.

سەرکەوتوو بێت خەباتی ڕەوا بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و ئاسایش و
نان و ئازادی

هەرەوەزگەلی بەدیهێنانی ئازادی و عەدالەت